

# لەعارفی گەورەوە تا عارفی بچوك...

## كاروانێكی هونەریی بەردەوامە

بەختیار شێخ مستەفا

(عارف شەكوری) ئەو لاوەی كەتەنها بیست بەهاری لەتەمەنی گوزەراندووە ، ئێستا لەوڵاتی سوید لەگەڵ خانەوادەكەیدا نیشتەجێیەو خەریكی خوێندنی میوزیكە .

(عەلی شەكوری) باوكی عارف كەخەڵكی شاری (لاهیجان)ە ، هەشت ساڵ لەمەوبەر بە یەكجاری ئێران بەجێدێڵێت و روو دەكاتە وڵاتی سوید ، ئەو وەك خۆی چۆن سەنتوورژەنێكی بەتوانایەو زۆر بەسۆزەوەو بەدەست وپەنجەیەكی رەنگینەوە سەنتوورەكەی دەژەنێ ، منداڵەكانیشی لەسەر خۆشەویستی میوزیك پەروەردە كردووە ، بۆیە عیماد، كورەگەورەی دەبێتە قانون ژەنێكی بەتواناو عارفیش ڤایۆلینژەن .

كاتێك لەئێران دەبن، عارف بەوتەمەنە منداڵییەی خۆی لەگەڵ باوكیدا بەشداری چەندین كۆنسێرت دەكات ، كاتێكیش دەگەنە ئەوروپا (عەلی شەكوری) گروپێكی میوزیك دروستدەكات و ئەوە پێشنیار دەكات بۆ عارف كەلەو گروپەدا ببێتە عودژەن ، عارف خۆی دەیگێڕێتەوەو دەڵێت :" من لەچوار ساڵییەوە دەستمدایە میوزیك و یەكەمین ئامێر كەفێری بووم سەنتوور بوو، پاشان گۆڕیم بەتار و لەدوازدە ساڵیدا بۆیەكەم جار لەگەڵ ئەمیری خەیاتدا بەرهەمێكم لەستۆدیۆ تۆماركرد، پاش ئەوەی گەیشتینە سوید باوكم پێشنیاری كرد لەو گروپەدا كە تازە پێكیهێنابوو من ببمە عودژەن ، ماوەیەكم بەو شێوەیە بردەسەر، بەڵام ئەوەی لەناخی مندا بوو شتێكی تربوو ، من بەراستی بوبومە عاشقی كەمانچە ، بەتایبەتیش كاتێك سەرنجی كەمانچەژەنی بەتوانا (عارف ئیبراهیم پوور) م دەدا ، من ئەگەرچی یەكەم مامۆستام باوكم بوو، بەڵام دواتر چوومە لای عارفی ئیبراهیم پوور، ئەو گەورە هونەرمەندەی كەلە ئەڵمانیا دەژی و لەژێر كاریگەری وسەرپەرشتی ئەودا درێژەم بەكاری هونەری خۆم دا " .

ئەگەر (عارفی ئیبراهیم پوور) رۆڵێكی گەورەی بینیبێ لەسەركەوتنی دەیان ئەلبوم وبەرهەمی هونەری ئەو هونەرمەندە كوردانەی كەلەئەوروپا دەژین بەتایبەتیش ئەلبومی (كرماشان)ی ناسری رەزازی و هەردوو ئەلبومی (بگەرێوە) و (دایە) ی زەكەریا ، ئەوا دەتوانین بڵێین كە (عارف شەكوری) ش هەمان رێچكەی مامۆستاكەی گرت و بەراستیش جێ پەنجەی لەكارەكانی ( پەیوەند جاف) و (ئەژدەر وەهبی) دا دیارە.

عارف لەم رووەوە دەڵێ: " لەسوید ئێرانی بەژمارە زۆر نین، بەڵام كوردی زۆر لێیەو من زۆر بەوە خۆشحاڵم كە رۆڵێكم هەبێت لەوبەرهەمە كوردییانەدا، هەربۆیە من لەكۆنسێرتی زۆربەی هونەرمەندانی كورددا بەشداربووم هەر بۆنمونە كۆنسێرتی هونەرمەندان ( میكائیل ، ناسر ، ئەژدەر ، پەیوەند ، ئەردەڵان ، زیاد ، غوڵامی ، ئەیاد ، ئەیوب ، چۆپی و حەسەن ، تارا و چەندینی تر)"




خەرمانی كارەكانی عارف گەلێ بەبەرەكەتە بەبەراورد لەگەڵ تەمەنیدا ئەو تا ئێستا كاری لەگەڵ چەندین هونەرمەندی ئێرانیشدا كردووە وەك ( جمشید و ئومێد) ، رەنگە یەكێك لەو بەرهەمانەی كە توانی تارادەیەكی زۆر دەست وپەنجە رەنگینەكەی عارف بەدەربخات گۆرانی (شیرینە سەوزە)ی هونەرمەندی ئێرانی (ئومید) بێت ، لەم بەرهەمەدا (عارف شەكوری) زۆر بەشێوەیەكی سەرنجراكێش سۆلۆی كەمانچەكە دەژەنێت لەكاتێكدا ئەودەمەی ئەو بەرهەمە تۆماركرا ، تەمەنی (عارف شەكوری) لەپازدە ساڵ تێپەری نەكردبوو.

عارف بەوە شادمانە كەلەخانەوادەیەكی هونەرییدا پەروەردە بووە و زیاتریش خۆشحاڵە كەكار لەگەڵ چەندین میوزیككاری بەسەلیقەدا دەكات و دەڵێت: " خۆشحاڵم بەوەی لە ستۆدیۆدا كارم لەگەڵ هو نە ر مە ند یكی وەكو (دیدەن)دا كردووە، چونكە دیدەن كیبۆردژەن و ئامادەكارێكی زۆر بەتوانایە، هەروەها عیماد شەكوری برام كەبەشانازییەوە دەڵێم یەكێكە لە باشترین قانون ژەنەكان"

ئێستا عارف سەرقاڵی خوێندنی میوزیكە لەسوید لەسەر ئامێری پیانۆ ، بەڵام وەك خۆی دەڵێت: " ئامێری ئەساسی من هەر كەمانچەیە" ... هاوكات لەگەڵ خوێندنەكەیدا خەریكی كاری هونەریشەو دواین پرۆژەی هونەری ئەم لاوە چەند سترانێكە لەگەڵ هونەرمەندان (پەیوەند جاف)و (ئەژدەر وەهبی) دا.